بگەڕێوە بۆ لایان وداوای مۆڵەتیان لێبکە، ئەگەر مۆڵەتیان پێدایت؛ ئەوا جیهاد ئەنجامبدە، ئەگەر نا؛ ئەوا چاکەکار بە بەرامبەریان

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێک کۆچی کرد (هیجرەتی کرد) بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە یەمەنەوە، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو: «ئایا کەسی خزمت هەیە لە یەمەن؟»، پیاوەکە ووتی: دایک وباوکم، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئایا مۆڵەتیان پێدایت (بۆ ئەوەی کۆچ بکەیت)؟»، پیاوەکە ووتی: نەخێر، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «بگەڕێوە بۆ لایان وداوای مۆڵەتیان لێبکە، ئەگەر مۆڵەتیان پێدایت؛ ئەوا جیهاد ئەنجامبدە، ئەگەر نا؛ ئەوا چاکەکار بە بەرامبەریان».

[صەحیحە بە شەواهیدەکانیەوە] [ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرمووەکە: پیاوێک لە یەمەنەوە هات بۆ ئەوەی مۆڵەت لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وەربگرێت بۆ ئەوەی جیهاد ئەنجامبدات، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پرسیاری لێکرد سەبارەت بەوەی ئایا مۆڵەتی لە دایک وباوکی وەرگرتووە پێش ئەوەی بێت بۆ جیهاد کردن یان نا؟، وا دیارە کە مۆڵەتی لێیان وەرنەگرتووە، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی پێکرد بەوەی بگەڕێتەوە بۆ لایان وچاکەکار بێت بەرامبەریان، بۆیە ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی مۆڵەت وەرگرتن لە دایک وباوک پێش چوون بۆ جیهاد کردن بەهەند وەرگیراوە لە شەریعەتدا بە تایبەت ئەگەر جیهادی بەرگری (جهاد الدفع) نەبێت لە خاکی مسوڵمانان، چونکە جیهادی بەرگری فەرزە لەسەر هەموو مسوڵمانێکی بااڵغی نێر کە توانای هەبێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/64599